# KRG US's and Delovan Barwari's Social Media FARA Filing July 1 to December 31, 2023

## KRG USA Facebook posting for July 1 to December 31, 2023

**Kurdistan Regional Government - Representation in the USA shared a post.**

کوردی / Kurdi Latini / عربي

بە بۆنەی جەژنی لەدایکبوونی حەزرەتی مەسیح (دروودی خوای لەسەر بێت)، گەرمترین پیرۆزبایی ئاراستەی سەرجەم کریستیانانی کوردستان و عێراق و جیهان دەکەم. هیوادارم لە خۆشی و شادی و ئارامیدا، ڕۆژانی جەژن و پشوو بەسەر ببەن.

لەم بۆنە پیرۆزەدا ، پابەندبوونی هەرێمی کوردستان بە پەرەپێدانی کولتووری بەیەکەوەژیانی ئاشتییانە و و پاراستنی مافی گشت پێکهاتەکان دووپات دەکەینەوە .

جەژنتان پیرۆز بێت و هەمیشە لە شادیدا بژین .

مەسرور بارزانی

سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان

—

Bi minasebeta cejna jidayik bûna HZ Mesîh (silavên xwedê li wî bin) gerimtirîn pîrozbayî pêşkêşî tevahiya mesîhiyên Kurdistan, Îraq û cîhanê dikim û hêvî dikim di xweşî, şadî û aramî de rojên xwe yên cejin derbas bikin.

Di vê minasebeta pîroz de, pêbendiya hikûmeta herêma Kurdistanê bi pêşde birina çanda bihevre jiyana aştiyane û parastina mafên tevahiya pêkhateyan dubare dikin.

Cejna we pîroz be û hertim di nava şadî de bin.

Serokwezîrê herêma Kurdistanê

Mesrûr Barzanî

—

بمناسبة حلول عيد ميلاد السيّد المسيح (عليه السلام)، نتقدم بأصدق التهاني والتبريكات إلى جميع المسيحيين في كوردستان والعراق والعالم، متمنين للجميع قضاء أيام العيد في ظل أجواء مفعمة بالأفراح والبهجة والسرور والأمان.

ونغتنم هذه المناسبة المباركة، لتجديد تأكيدنا على التزام إقليم كوردستان في ترسيخ وتعزيز ثقافة التعايش السلمي المشترك، وصون حقوق عموم مكوناته وأطيافه.

عيد ميلاد مجيد، وكل عام وأنتم بألف خير.

مسرور بارزاني

رئيس حكومة إقليم كوردستان

Updated Dec 24, 2023 1:08:18pm

Dec 24, 2023 1:07:37pm

**Kurdistan Regional Government - Representation in the USA shared a post.**

Updated Dec 24, 2023 1:04:50pm

Dec 24, 2023 1:04:50pm

**Kurdistan Regional Government - Representation in the USA shared a post.**

Updated Dec 24, 2023 1:02:48pm

Dec 24, 2023 1:02:48pm

Timeline photos

نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەبۆنەی جەژنی لە دایکبوونی حەزرەتی مەسیح (د.خ) لەسەربێت گەرمترین پیرۆزبایی ئاراستەی تەواوی خوشک و برایانی کریستیان لە هەرێمی کوردستان و سەرتاسەری جیهان دەکەین. هیوادارین هەموو ڕۆژێک لە جەژن و خۆشی و شادی و کامەرانی دابن. جەژنی کریسمس و سەری ساڵی تازە لە هەموولایەک پیرۆزبێت. هەردەم بەختەوەربن. The Kurdistan Regional Government Representation in the United States extends warmest wishes for a joyous holiday season. May this festive time bring you happiness, peace, and prosperity.

نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەبۆنەی جەژنی لە دایکبوونی حەزرەتی مەسیح (د.خ) لەسەربێت گەرمترین پیرۆزبایی ئاراستەی تەواوی خوشک و برایانی کریستیان لە هەرێمی کوردستان و سەرتاسەری جیهان دەکەین. هیوادارین هەموو ڕۆژێک لە جەژن و خۆشی و شادی و کامەرانی دابن. جەژنی کریسمس و سەری ساڵی تازە لە هەموولایەک پیرۆزبێت. هەردەم بەختەوەربن.

The Kurdistan Regional Government Representation in the United States extends warmest wishes for a joyous holiday season. May this festive time bring you happiness, peace, and prosperity.

Dec 24, 2023 1:01:39pm

Timeline photos

Received by NSD/FARA Registration Unit 01/31/2024 12:57:18 PM

Timeline photos

نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ئەمریکا بە ئامادەبوونی نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ئەمریکا تریفە عەزیز و ستافی نوێنەرایەتی هەڵسا بە بەرزڕاگرتنی ڕۆژی ئاڵای کوردستان. ئاڵای کوردستان سیمبولی خەبات و گیانفیدایی و قوربانی تەواوی خەڵکی هەرێمی کوردستانە. پیرۆزە ڕۆژی ئاڵا لە هەموو کوردستانیان لە هەرێمی کوردستان و ڕەوەندی کوردستانی باکوری ئەمریکا.

The KRG Representation proudly marked #Kurdistan Flag Day, a day that symbolizes the enduring spirit and resilience of the Kurdish people. This celebration reflects the deep significance of the flag in the #Kurdish struggle, symbolizing our collective aspirations for freedom and unity. #kurdistanflagday

https://twitter.com/KRG_USA/status/1736119219710799976

https://twitter.com/i/status/1736119219710799976

Dec 16, 2023 5:50:56pm

Timeline photos

نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ئەمریکا بە بۆنەی جەژنی ڕۆژی ئێزی گەرمترین پیرۆزبایی لە خوشک و برایانی ئێزیدی دەکات. هیوا دەخوازێت هەموو ڕۆژێک لە جەژن و خۆشیدابن. دووبارە جەژنتان پیرۆزبێت و بە هیوای ئاشتی و خۆشگوزەرانی و لێبوردەیی. Today, Yezidis in Kurdistan, from Shingal, Sheikhan, and Bashkia, concluded their fast, joyfully celebrating the Eid of Ezi. Warmest congratulations to our Yazidi brothers and sisters on Ezi Feast Day (Rojiyên Êzî), embodying unity and devotion. Wishing peace, justice, happiness, and a spirit of forgiveness across all communities. Happy Ezi Feast Day! https://twitter.com/KRG_USA/status/1735832239064117448

نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ئەمریکا بە بۆنەی جەژنی ڕۆژی ئێزی گەرمترین پیرۆزبایی لە خوشک و برایانی ئێزیدی دەکات. هیوا دەخوازێت هەموو ڕۆژێک لە جەژن و خۆشیدابن. دووبارە جەژنتان پیرۆزبێت و بە هیوای ئاشتی و خۆشگوزەرانی و لێبوردەیی.

Today, Yezidis in Kurdistan, from Shingal, Sheikhan, and Bashkia, concluded their fast, joyfully celebrating the Eid of Ezi.

Received by NSD/FARA Registration Unit 01/31/2024 12:57:18 PM

Warmest congratulations to our Yazidi brothers and sisters on Ezi Feast Day (Rojiyên Êzî), embodying unity and devotion.

Wishing peace, justice, happiness, and a spirit of forgiveness across all communities.

Happy Ezi Feast Day!

https://twitter.com/KRG_USA/status/1735832239064117448

Dec 16, 2023 5:44:09pm

Timeline photos

Timeline photos

Timeline photos

Timeline photos

نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ئەمریکا، تریفە عەزیز لە سەردانێکدا بۆ ئەنجومەنی پیران (سینات) لە دوو دیداری جیاوازدا چاویکەوت بە هەریەک لە سیناتۆر کریس ڤان هۆلین (دیموکراتەکان) و هەروەها دان ئەدێلستەین ڕاوێژکاری ئاسایشی نیشتیمانی بۆ سیناتۆر مایک ڕاوندر (کۆمارییەکان). لە هەردوو کۆبوونەوەکەدا وێڕای گفتوگۆکردن لەسەر پەیوەندییەکانی نێوان ئەمریکا و هەرێمی کوردستان تیشک خرایە سەر دوایین بەرەوپێشچوونەکان لە ڕووی سیاسی و ئاسایش و ئابوری. هاوکات لەلای خۆیەوە نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان سوپاسی هاوکاری و پشتگیرییەکانی سیناتی ئەمریکا یکرد بۆ هەرێمی کوردستان بە تایبەتی بۆ هێزەکانی پێشمەرگە.

https://twitter.com/KRG_USA/status/1735376958790267214

Dec 16, 2023 5:40:11pm

**Kurdistan Regional Government - Representation in the USA shared a post.**

Updated Dec 16, 2023 2:09:55pm

Dec 16, 2023 2:09:55pm

Timeline photos

Timeline photos

له درێژەی سەردانەکەیدا بۆ ئەمریکا، بەڕێز دانا عبدالکریم، وەزیری ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن لە سەردانێکدا بۆ وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا چاویکەوت بە ستیڤ بیتنەر بەڕێوەبەری کاروباری عێراق لە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا. لە دیدارەکەدا هەردوولا گفتوگۆیانکرد لەسەر مافە دەستوری و داراییەکانی هەرێمی کوردستان، یەکخستنەوەی هێزەکانی پێشمەرگە، و پاراستنی بەها دیموکراسیەکان، هەروەها هاوبەشێتی نێوان هەرێمی کوردستان و ئەمریکا.

https://twitter.com/KRG_USA/status/1729591222673510461/photo/2

Nov 28, 2023 5:02:13pm

Timeline photos

تریفە عەزیز، نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ئەمریکا لە سەردانێکدا بۆ ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانمان و پەرەپێدان چاویکەوت بە د. خانزاد ئەحمەد سەرۆکی ئەنجومەنەکە. لە دیدارەکەدا وێڕای باسکردنی کاروچاڵاکیەکانی ئەنجومەنی باڵای خانمان و پشتگیری لە ڕۆڵی ئافرەتان، باس لە دووپاتکردنەوەی هاوکاری و هەماهەنگی نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێم و ئەنجومەنی باڵای خانمان، لەلای خۆیەوە نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان ئامادەیی نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەربڕی بۆ ئەنجومەنی باڵای خانمان لە ئەنجامدانی پەیوەندی و کاروچاڵاکیەکانیان.
https://twitter.com/treefa_aziz/status/1729484120797991286

تریفە عەزیز، نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ئەمریکا لە سەردانێکدا بۆ ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانمان و پەرەپێدان چاویکەوت بە د. خانزاد ئەحمەد سەرۆکی ئەنجومەنەکە. لە دیدارەکەدا وێڕای باسکردنی کاروچاڵاکیەکانی ئەنجومەنی

باڵای خانمان و پشتگیری لە ڕۆڵی ئافرەتان، باس لە دووپاتکردنەوەی هاوکاری و هەماهەنگی نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێم و ئەنجومەنی باڵای خانمان، لەلای خۆیەوە نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان ئامادەیی نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەربڕی بۆ ئەنجومەنی باڵای خانمان لە ئەنجامدانی پەیوەندی و کاروچالاکیەکانیان.

https://twitter.com/treefa_aziz/status/1729484120797991286

Nov 28, 2023 1:29:22pm

Timeline photos

Timeline photos

Timeline photos

تیمی نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ئەمریکا خۆشحاڵبوو بە پێشوازیکردن لە بەڕێز دانا عبدالکریم، وەزیری ئاوەودانکردنەوە و نیشتەجێکردن کە بەڕێزیان ئێستا بە سەردانێکی فەرمی لە ئەمریکا و ژمارەیەک دیدار و کۆبوونەوەی فەرمی دەبێت. لەلایەن خۆیانەوە تیمەکە سوپاسی بەڕێزیانیان کرد بۆ سەردانیکردنی نووسینگەی نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێم لە واشنتۆن.

https://twitter.com/KRG_USA/status/1729289279073931385/photo/1

Nov 28, 2023 1:20:45pm

**Kurdistan Regional Government - Representation in the USA shared a post.**

Updated Oct 05, 2023 7:58:06am

Oct 05, 2023 7:58:06am

**Kurdistan Regional Government - Representation in the USA shared a post.**

پانۆڕامای سەردانەکەی بەڕێز سەفین دزەیی، بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوەو نوێنەری هەرێمی کوردستان بۆ کۆبوونەوەی کۆمەڵەی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان لەچوارچێوەی شاندی عیراق لە نیویۆرک و دواتر سەردانی بۆ کەنەدا و واشنتۆن

سەفین دزەیی، بەرپرسی فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان ئەندامی شاندی عێراق، بە سەرۆکایەتیی محەممەد شیاع سوودانی، سەرۆک وەزیرانی عێراق بوو بۆ کۆبوونەوەی خولی حەفتاو هەشتەمینی کۆمەڵەی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان لە نیویۆرک. یەکێک لە کۆبوونەوەکانی شاندەکە لە پەراوێزی کۆبوونەوەکە لەگەڵ ئەنتۆنیۆ گۆتێرێز، سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان بوو.

سەفین دزەیی لەبارەی نێوەڕۆکی ئەو کۆبوونەوەیە دەڵێت، گۆتێرێز دەستخۆشیی خۆی دەربڕی و دەستخۆشی لە حکومەتی فیدراڵی کرد بۆ ئەو هەنگاوانەی کە ناوییەتی بۆچارەسەرکردنی گرفتەکان، چ لە ئاستی هەرێمی و بگرە پەیوەندییەکانی نێوان هەولێر و بەغداش کە "مایەی دڵخۆشی و دەستخۆشی بوو هەوڵ بدرێت بەو شێوە دیالۆگەی ئێستا هەیە، ئەو گرفتانەی کە ماون بە هەمان شێوە لەنێوان هەولێر و بەغدا چارەسەر بکرێن".

بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوەی حکومەت لە پەراوێزی کۆمەڵەی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان لە نیویۆرک چەندین دیدارو کۆبوونەوەی لەگەڵ بەرپرسانی باڵاو دیپلۆماتکاران ئەنجامدا، بەڕێزیان لە کۆبوونەوەیەکدا لەگەڵ جێگری یاریدەدەری وەزیری دەرەوەی ئەمریکا لە باسیان لە پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و ئەمریکا و گرنگیی پشتیوانی بەردەوام کرد. هەردوولا جەختیان لە گفتوگۆی بنیاتنەرانە و دیالۆگ لە نێوان هەولێر-بەغدا بۆ چارەسەرکردنی سەرجەم پرسە هەڵپەسێندراوەکان کردەوە.

بەڕێزیان بەشداربوو لە کۆبوونەوەی سەرۆک وەزیرانی عێراقی فیدراڵ محمد شیاع سوودانی لەگەڵ ئیبراهیم ڕەئیسی، سەرۆکی کۆماری ئیسلامی ئێران

هەر بە یاوەری سەرۆک وەزیرانی عێراقی فیدراڵ بەشدار بوو لە گفتوگۆی پانێلێکدا لە لووتکەی جیهانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە تێیدا تیشک خرایە سەر گرنگیی چارەسەرکردنی سەرجەم کێشە هەڵپەسێردراوەکانی نێوان هەولێر و بەغدا هەروەها لەگەڵ دەستپێکردنەوەی هەناردەکردنی نەوت.

بەڕێزیان بەشداربوو لە گفتوگۆی پانێلی نوێنەری ئاسایشی وزەی ئەمریکا لە لوتکەی جیهانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. لە پانێلەکە، جەخت لە گرنگیی دیالۆگ و گفتوگۆی بنیاتنەرانە لە نێوان هەولێر-بەغدا بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان هەماهەنگی زیاتر کرایەوە.

ڕۆژی 2023/9/21 سەفین دزەیی، بەرپرسی فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە پەراوێزی کۆبوونەوەکانی کۆمەڵەی گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان، چاوی کەوت بە برێت مەکگورک، هەماهەنگیکاری کۆشکی سپی بۆ کاروباری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقا. بەڕێزیان سوپاس و پێزانینی حکومەتی هەرێمی بۆ پاڵپشتییەکانی ئەمەریکا "بۆ هەرێمی کوردستان و هاوکارییە بەردەوامەکانی لەگەڵ بەغدا دەربڕی.

بەڕیزیان بەشداربوو لە گفتوگۆی ئەنجومەنی پەیوەندییەکانی دەرەوە، لە پەنێلێکدا، سەرۆک وەزیرانی عێراق دید و ڕوانگەی خۆی سەبارەت بە پرس و بابەتە هەرێمی و جیهانییەکان خستەڕوو.

لە کۆبوونەوەیەکی فراواندا لە نیویۆرک بە سەرۆکایەتی سەرۆک وەزیرانی عێراق لەگەڵ ژمارەیەک لە بازرگان و وەبەرهێنەران و نوێنەرانی کۆمپانیا گەورەکانی ئەمریکا، باس لە تواناکانی عێراق بۆ وەبەرهێنان و دەرفەتەکانی بازرگانی و پەیوەندی ستراتیژی دوولایەنە کرا.

بەڕێزیان لەگەڵ رافی گریگۆریان، بەڕێوەبەری نووسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ نەهێشتنی تیرۆر

کۆبووەوە. باسیان لە چالاکیی و بەرنامەکانی یوئین لە عێراق بەگشتی و هەرێمی کوردستان بەتایبەتی و هەڕەشە بەردەوامەکانی تیرۆر کرد. جەختی لە هاریکاریی نێودەوڵەتی باشتر بۆ پاڵپشتیکردنی قوربانیان و بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر کردەوە.

هەر لە چوارچێوەی دیدارەکان بەڕێز سەفین دزەیی بەشداربوو لە کۆبوونەوەی نێوان سەرۆک وەزیرانی عێراق محمد شیاع سوودانی و سەرۆکی کۆماری کۆریا، گفتوگۆ لەبارەی بەهێزکردنی پەیوەندییەکان و فراوانکردنی هاوئاهەنگیی دوولایەنە کرا.

بەڕێزیان لەگەڵ وەزیری دەوڵەتی بەریتانیا و نێردەی تایبەتی سەرۆك وەزیرانی بەریتانیا کۆبووەو، بیروڕایان لەبارەی بابەتەکانی جێگای بایەخی هاوبەش گۆڕییەوە.

دوای ئەنجامدانی زنجیرەیەک کۆبوونەوە، بەڕێز سەفین دزەیی لەچوارچێوەی شاندی عیراق بەسەرۆکایەتی سەرۆک وەزیرانی عێراق محمد شیاع سوودانی بە سەرکەوتوویی کۆتاییان بەسەردانەکەیان و بەشداری کردنیان لە حەفتاو هەشتەمین کۆبوونەوەی

Received by NSD/FARA Registration Unit 01/31/2024 12:57:18 PM

کۆمەڵەی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان لە نیویۆرک هێنا. دەرفەتێکی گرنگ بوو بۆ بەشداریکردن لە گفتوگۆی جیهانی لەسەر پرسە گەرمەکان. بەڕێزیان گوتی سوپاسی دۆستانمان لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی دەکەم بۆ پێشوازی گەرم و دیداری پڕ بایەخ.

دوای دیدارو کۆبوونەوەکانی نیویۆرک بەڕێز سەفین دزەیی بە یاوەری خاتوو تریفە عەزیز نوێنەری حکومەتی هەرێم لە واشنتۆن و شاندی یاوەری سەردانی وڵاتی کەنەدا کردو وێڕای بەشداری کردن لە چالاکیەکی کەلتووری چەندین دیدارو کۆبوونەوەی لەگەڵ ئەندامانی پەرلەمان و بەرپرسانی ئەو وڵاتە ئەنجامدا.

ڕۆژی ٢٠٢٣/٩/٢٤ لە نێوباڵەخانەی پەرلەمانی کەنەدا مەراسیمێکی فەرمی بەناوی ڕۆژی کەلتوری کوردی ئەنجامدرا. مەراسیمەکە لەژێر چاودێری چاندرا ئاریا ئەندامی پەرلەمانی کەنەدا و ئامادەبوونی سەفین دزەیی بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوە و تریفە عەزیز نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ئەمریکا و نوێنەرانی فیدراسیۆنەکانی ڕەوەندی کوردستانی و کۆمەڵە کوردییەکان و ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامانی ڕەوەندی کوردستانی لە تەواوی هەرێمەکانی کەنەدا بەڕێوەچوو.

لە سەرەتای مەراسیمەکەدا چاندرا ئاریا ئەندامی پەرلەمانی کەنەدا ووتەیەکی پێشکەشکرد کە وێڕای بەخێرهێنانی میوانەکان باسی لە دووایین سەردانەکەی شاندی پەرلەمانی کەنەدا کرد و ئەوەی خستەڕوو کە کوردستان مێژووییەکی دەوڵەمەندی هەیە و لێکچوونی زۆر هەیە لەنێوان کەنەدا و هەرێمی کوردستان بەتایبەتی لە ڕووی پێکەوەژیانی پێکهاتە جیاوازەکان و کەلتور و مێژووی نەتەوەکان. هەروەها ئاماژەیکرد بە ڕۆڵی ڕەوەندی کوردستانی لە کەنەدا و زیاتر بەرەوپێشبردنی پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و کەنەدا.

دواتر سەفین دزەیی بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوە بەناوی حکومەتی هەرێمی کوردستان ووتەیەکی پێشکەشکرد و سوپاسی چاندرا ئاریا و تەواوی پەرلەمانی کەنەدا یکرد بۆ پشتگیریکردن لە ڕەوەندی کوردستانی و بەرزڕاگرتنی کەلتوری کوردی. هاوکات تیشکی خستەسەر پشتگیرییەکانی کەنەدا بۆ هەرێمی کوردستان بەتایبەتی لە شەڕی دژ بە داعش ئەویش بە هاوکاریکردنی هێزەکانی پێشمەرگەو هاوکارییە مرۆییەکان بۆ ئاوارەو پەنابەران.

بەڕێزیان لەگەڵ پەرلەمانتاری کەنەدی و سەرۆکی لیژنەی هەمیشەیی ڕەگەزنامە و کۆچبەری سەلما زاهید و پەرلەمانتار و جێگرەکەی براد ریدیکۆپ ئەنجامدا. باسیان لە پرسی کۆچبەری و دۆخی ڕەوەندی کوردستانی لە کەنەدا و دەوروبەری کرد و جەختیان لە هەماهەنگی باشتری دوولایەنە کردەوە.

لە ئۆتاوا، لەگەڵ پەرلەمانتاری کەنەدی و سەرۆکی لیژنەی بەرگری نیشتیمانیی کەنەدا جۆن مەککای و پەرلەمانتار و جێگرەکەی جەیمس بیزان کۆبووەوە. باسیان لە بەرژەوەندییە هاوبەشەکانی ئاسایشی نیشتیمانی، دوایین پێشهاتەکانی ناوچەکە، دۆخی سوریا و دەوروبەری و هەڕەشە بەردەوامەکانی داعش کرد.

سەفین دزەیی خۆشحاڵبوو بە دیداری دۆستی گەلی کوردستان کیلی سیباک ئەندامی گرووپی دۆستانی کورد لە پەرلەمانی کەنەدا و وەزیری سێبەری کەنەدا بۆ بازرگانی نێودەوڵەتیی و پەرلەمانتار. گفتوگۆیان لەبارەی هەنگاوەکانی چۆنیەتی PFK بەهێزکردنی پەیوەندی بازرگانی و وەبەرهێنان لە بەرژەوەندی هەردوولا کرد.

بەریزیان لە میانەی سەردانێکی بۆ باڵیۆزخانەی عێراق لە ئۆتاوا ، لەگەڵ بەڕێز حەیدەر رادی ناسر، هەڵسووڕێنەری کاروبار و تیمی باڵیۆزخانە و کونسوڵگەری کۆبووەوە. دەستخۆشی لێکردن و کار و خزمەتەکانیانی بۆ دایاسپۆرای کورد و عێراقی لە کەنەدا و بەهێزکردنی پەیوەندییەکان بەرز نرخاند.

لە مێزگردێکدا لەگەڵ ئەندامانی گرووپی دۆستانی کورد لە پەرلەمانی کەنەدا بە سەرۆکایەتی زیاد ئەبو لەتیف پووختەیەکی لەبارەی ڕووداوەکان و دۆخی گشتی لە هەرێمی کوردستان و عێراق و ناوچەکە خستەڕوو، وە جەختی لە گرنگی پەیوەندییە دوولایەنەکان کردەوە و سوپاسی پشتیوانی ئەو گرووپەی کرد بۆ گەلی کوردستان .

هاوکات لە ئۆتاوا بەجیا لەگەڵ پەرلەمانتاری کەنەدی زیاد ئەبو لەتیف کۆبووەوە. سوپاس و پێزانینم بۆ هاوکاری و پشتیوانییان بۆ دایاسپۆرای کوردی لە کەنەدا دەربڕی. هاوکات ڕاوبۆچوونمان سەبارەت بە دۆخی گشتیی هەرێم و ناوچەکە و دوایین سەردانی شاندی کەنەدی بۆ هەرێمی کوردستان گۆڕییەوە.

هەر لە چوارچێوەی دیدارەکان لەگەڵ پەرلەمانتارانی کەنەدا سەفین دزەیی لەگەڵ پەرلەمانتاری کەنەدی و سەرۆکی لیژنەی کاروباری دەرەوە و پەرەپێدانی نێودەوڵەتیی عەلی ئیحساسی کۆبووەوە. بیروڕایان لەبارەی پەرەسەندنەکان و دۆخی سیاسیی و ئاسایش لە ناوچەکە گۆڕییەوە. هاوکات باسیان لە گرنگیی ڕۆڵی کەنەدا لە بوارە جیاجیاکانی پێشخستنی هەرێم کرد.

Received by NSD/FARA Registration Unit 01/31/2024 12:57:18 PM

Received by NSD/FARA Registration Unit 01/31/2024 12:57:18 PM

بەڕێزیان لەگەڵ سیناتۆر پیتەر بۆهم لە لیژنەی پەیوەندییەکانی دەرەوە و بازرگانی نێودەوڵەتیی کۆبووەوە. باسیان لە پەیوەندییە دوولایەنەکان و دۆخی سیاسیی و ئاسایش لە هەرێم و ناوچەکە بەگشتیی کرد. سوپاس و پێزانینی دەربڕی بۆ پشتیوانیی و هاریکارییان لە شەڕی دژی داعشدا.

لە کۆبوونەوەیەکدا لەگەڵ د.مارتن لارۆز، بەڕێوەبەری گشتیی کاروباری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست باسیان لە گرنگیی دۆستایەتی و پەیوەندییە دوولایەنەکان کرد و جەختیان لە بەهێزکردنی هەماهەنگیی هاوبەش کردەوە.

لەگەڵ مەیجەر جەنەڕاڵ ستیفن سمیس لە وەزارەتی بەرگری نیشتیمانیی کەنەدا کۆبووەوە. تاوتوێی دۆخی سیاسیی و ئاسایش و گرنگیی سەقامگیری ناوچەکەیان کرد. هاوکات سوپاسی وڵاتی کەنەدای کرد بۆ هاریکاری و پشتیوانیکردنی پێشمەرگە لە شەڕی دژی داعشدا.

لەگەڵ مایکڵ چۆنگ ئەندامی پەرلەمانی کەنەدا و وەزیری سێبەر بۆ کاروباری دەرەوە کۆبووەوە. گفتوگۆیان لەبارەی دۆخی گشتیی ناوچەکە و دەوروبەری و بەهێزکردنی زیاتری پەیوەندییە دوولایەنەکان لە نێوان هەرێمی کوردستان و کەنەدا کرد.

دوای سەردانەکەی بۆ کەنەدا بەڕێزیان سەردانی واشنتۆنی کردو چەندین دیداری گرینگی لەگەڵ ئەندامانی کۆنگرێس و بەرپرسانی ئەمەریکا ئەنجامدا. لەگەڵ ئادەم سمیث سەرۆکی دیموکراتەکان لە لیژنەی خزمەتگوزارییە سەربازیەکان لە کۆنگرێس کۆبووەوە. گفتوگۆیان لەبارەی دوایین پێشهاتەکان و دۆخی سیاسیی و ئاسایش و ئابووری لە هەرێم و ناوچەکە بەگشتیی کرد.

لەگەڵ ئەندامی کۆنگرێس مایک واڵتز بیروڕایان لەبارەی دوایین پەرەسەندنە سیاسییەکان لە هەرێم و ناوچەکە بەگشتیی ئاڵوگۆڕ کرد. هاوکات سوپاس و پێزانینی بۆ پاڵپشتیکردنی گەل و حکومەتی هەرێمی کوردستان دەربڕی.

هەر لە واشنتۆن سەفین دزەیی لەگەڵ ئەندامی کۆنگرێس جۆن جەیمس کۆبووەوە، گفتوگۆیان لەبارەی پێشهات و ڕووداوەکانی هەرێم و ناوچەکە و هەماهەنگیی زیاتری دوولایەنە لە داهاتوودا کرد. ڕۆڵی گرنگ و خزمەت و پشتیوانییەکانی لە ڕابردوو و ئێستادا بەرز نرخاند.

لە دیدارێکی لەگەڵ ئەندامی کۆنگرێس ئێلیسا سلۆتکن باسیان لە پرسەکانی جێگای بایەخی هاوبەش و گرینگی پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و ئەمەریکا کرا.

Updated Oct 05, 2023 7:57:20am

Oct 05, 2023 7:57:20am

**Kurdistan Regional Government - Representation in the USA shared a post.**

بە ئامادەبوونی سەفین دزەیی، لە مەڕاسیمێکدا کەلتوری کوردستانی لە پەرلەمانی کەنەدا بەرزڕاگیرا

ڕۆژی یەک شەممە ڕێکەوتی ٢٠٢٣/٩/٢٤ لە نێوباڵەخانەی پەرلەمانی کەنەدا مەراسمێکی فەرمی بەناوی ڕۆژی کەلتوری کوردی ئەنجامدرا. مەراسیمەکە لەژێر چاودێری چاندرا ئاریا ئەندامی پەرلەمانی کەنەدا و ئامادەبوونی سەفین دزەیی بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوە و تریفە عەزیز نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ئەمریکا و نوێنەرانی فیدراسیۆنەکانی ڕەوەندی کوردستانی و کۆمەڵە کوردییەکان و ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامانی ڕەوەندی کوردستانی لە تەواوی هەرێمەکانی کەنەدا بەڕێوەچوو.

لە سەرەتای مەراسیمەکەدا چاندرا ئاریا ئەندامی پەرلەمانی کەنەدا ووتەیەکی پێشکەشکرد کە وێڕای بەخێرهێنانی میوانەکان باسی لە دووایین سەردانەکەی شاندی پەرلەمانی کەنەدا کرد و ئەوەی خستەڕوو کە کوردستان مێژوویەکی دەوڵەمەندی هەیە و لێکچوونی زۆر هەیە لەنێوان کەنەدا و هەرێمی کوردستان بەتایبەتی لە ڕووی پێکەوەژیانی پێکهاتە جیاوازەکان و کەلتور و مێژووی نەتەوەکان. هەروەها ئاماژەیکرد بە ڕۆڵی ڕەوەندی کوردستانی لە کەنەدا و زیاتر بەرەوپێشبردنی پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و کەنەدا.

دواتر سەفین دزەیی بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوە بەناوی حکومەتی هەرێمی کوردستان ووتەیەکی پێشکەشکرد و سوپاسی چاندرا ئاریا و تەواوی پەرلەمانی کەنەدا یکرد بۆ پشتگیریکردن لە ڕەوەندی کوردستانی و بەرزڕاگرتنی کەلتوری کوردی. هاوکات تیشکی خستەسەر پشتگیرییەکانی کەنەدا بۆ هەرێمی کوردستان بەتایبەتی لە شەڕی دژ بە داعش ئەویش بە هاوکاریکردنی هێزەکانی پێشمەرگە، و هەروەها هاوکارییە مرۆییەکان. بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوە خۆشحاڵی خۆی

Received by NSD/FARA Registration Unit 01/31/2024 12:57:18 PM

Received by NSD/FARA Registration Unit 01/31/2024 12:57:18 PM

دەربڕی بە ئامادەبوونی ئەم ژمارە زۆرەی ئەندامانی ڕەوەندی کوردستانی و کۆمەڵە و فیدراسیۆنەکانی ڕەوەندی کوردستانی، دەستخۆشی لێکردن بۆ ئەو چاڵاکیە مەزنەی کە ئەنجامیانداوە و ئەو خەبات و تێکۆشانەی کە دەیکەن بۆ بە زیندوویی هێشتنەوە کەلتور و مێژووی کورد و بەدەستهێنانی پشتگیری بۆ دۆزی ڕەوای گەلی کوردستان. هەروەها گووتی حکومەتی هەرێمی کوردستان شانازی دەکات بە کاروچاڵاکیەکانیان و ڕەوەندی کوردستانی جێگەی سەربەرزی ئێمەن.

هەر لە مەراسیمەکەدا شوان قەڵادزەیی بەرپرسی سەنتەری ڕەوەندی کوردستانی لە شاری ئۆتاوا ووتەیەکی پێشکەش کرد و ئاماژەیکرد بە کاروچاڵاکیەکانی ڕەوەندی کوردستانی و کارکردنی بەیەکەوەی هەموو کۆمەڵە و ڕێکخراوە کوردییەکان بۆ گەیاندنی دەنگ و ناساندنی کەلتوری کوردستان. هەوڵدان بۆ زیندووکردنەوەی کەلتوری کوردستانی ساڵانە بەشێوەی مەراسیم و کۆکردنەوەیان لەژێر ئاڵای کوردستان.

لە درێژەی بەرنامەکانی مەراسیمەکەدا نمایشکردنی جلوبەرگی کوردی و مۆسیقا و گۆرانی و بەرنامەی وێنەیی لەسەر مێژوو و پێشکەوتن و دەرفەتەکانی کوردستان پێشکەش کرا.

هەر لە هەمان ڕۆژدا، سەفین دزەیی، بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوە بە یاوەری تریفە عەزیز، نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان کۆبوونەوەیەکی ئەنجامدا لەگەڵ سەرتیپ کاکەیی سەرۆکی ڕەوەندی کوردستانی لە کەنەدا، چەتۆ وانی سەرۆکی ماڵی کورد لە تۆرۆنتۆ، و هەروەها نوێنەرانی ڕەوەندی کوردستانی لە شارەکانی مۆنتریاڵ و کالگاری و ئەدمنتۆن. لەسەرەتایی کۆبوونەوەکەدا بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوە پوختەیەکی پێشکەشکرد لەسەر دوایین بەرەوپێشچوونەکانی هەرێمی کوردستان لە ڕووی سیاسی و ئابوری و پەیوەندییەکان لەگەڵ بەغدا و سەردانی شاندی هەرێمی کوردستان بۆ بەغدا بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان و بەدەستهێنانی مافەڕەواکانی گەلی کوردستان. بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوە دەسخۆشی و سوپاس و پێزانینی ئاڕاستەی تەواوی ڕەوەندی کوردستانی و ڕێکخرا و کۆمەڵە و سەنتەرە کوردستانییەکان کرد لە هەوڵ و ماندوبوون و چاڵاکیەکانیان بۆ بەدەستهێنانی پشتگیری بۆ کوردستان و هەروەها کۆکردنەوەی ڕەوەندی کوردستانی و بەزیندووهێشتنەوەی کەلتوری و مێژووی کوردستان.

لەلای خۆیانەوە ئامادەبووان وێڕای بەخێرهێنانی بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوە و نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان و شاندی یاوەری خۆشحاڵی خۆیان دەربڕی بەم سەردانە و هیوایان خواست ئەم جۆرە سەردانانە بەردەوامی هەبێت. هەروەها ڕاوسەرنجی خۆیان خستەڕوو لەڕووی هەماهەنگی و پشتگیری و کارکردنی زیاتر بۆ خزمەتکردنی ڕەوەندی کوردستانی لە کەنەدا و بەرەوپێشبردنی پەیوەندییەکان.

Updated Sep 26, 2023 9:42:17pm

Sep 26, 2023 9:42:17pm

**Kurdistan Regional Government - Representation in the USA shared a post.**

سەفین دزەیی: داوا دەکەین کەنەدا نوێنەرایەتی خۆی لە هەولێر بکاتە کونسوڵگەری

بەرپرسی فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕایدەگەیەنێت، بایەخێکی زۆر بە پەرەپێدانی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ حکومەتی کەنەدا دەدەن، وەک وڵاتێکی بەهێز و فیدراڵی، لە دیدارەکانیان لەگەڵ بەرپرسانی ئەو وڵاتە داوا دەکەن نوێنەرایەتی خۆیان لە هەولێر بکەن بە کونسوڵگەری.

سەفین دزەیی، کە بەسەردانێک لە کەنەدایە بە کوردستان24ی گوت: "بایەخێکی زۆر بە پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و نێودەوڵەتی دەدەین، هەر وڵاتێک پێشوازی لەو پەیوەندییانە و دروستکردنی پەیوەندی بکات ئێمە زیاتر لێی دەچینە پێشەوە، ئێستا لە هەولێر نوێنەرایەتی باڵیۆزخانەی کەنەدا هەیە، لە دیدارەکانمان لەگەڵ بەرپرسانی کەنەدا داوامان کردووە ئەو نوێنەرایەتییە بکرێت بە کونسوڵخانە".

گوتیشی: "کەنەدا لە رووی ئابووری و پێگەکەی وڵاتێکی گرنگە و دەتوانێت کاریگەری هەبێت، ئێمەش هەوڵدەدەین پەیوەندییەکانمان لەگەڵ کەنەدا پتەوتر بکەین".

سەفین دزەیی، ئاماژەی بەوەشکرد: "هاتنمان بۆ کەنەدا لەسەر بانگهێشتی ژمارەیەک پەرلەمانتاری کەنەدا بوو، کە ماوەیەک لەمەوبەر سەردانی هەرێمی کوردستانیان کردبوو، لە دیدارەکانماندا جەخت لەوە دەکەینەوە لە بواری ئابووری،

Received by NSD/FARA Registration Unit 01/31/2024 12:57:18 PM

سەرمایەگوزاری، کشتوکاڵ و کۆمەڵێک بواری دیکە دەتوانین هاوکاری یەکتر بکەین و سوود لە ئەزموونی وڵاتی کەنەدا وەربگرین وەک وڵاتێکی فیدراڵی".

Updated Sep 26, 2023 9:41:44pm

Sep 26, 2023 9:41:44pm

**Kurdistan Regional Government - Representation in the USA shared a post.**

Updated Sep 12, 2023 1:59:12pm

Sep 12, 2023 1:59:12pm

**Kurdistan Regional Government - Representation in the USA shared a post.**

Updated Sep 10, 2023 5:07:25pm

Sep 10, 2023 5:07:25pm

**Kurdistan Regional Government - Representation in the USA shared a post.**

بە فەرمی ڕێککەوتنی بەدەستەخوشکبوونی هەولێر و ناشڤێڵ واژۆکرا

شەممە 2023.9.9، ئومێد خۆشناو، پارێزگاری هەولێر و جۆن کووپەر، سەرۆکی شارەوانی ناشڤێڵ، لە مەراسیمێکدا بە ئامادەبوونی تریفە عەزیز، نوێنەری حکومەتی هەرێم لە ئەمریکا و کۆمەڵێک لە کەسایەتی سیاسی هەرێم و ئەمەریکا و ڕەوەندی کوردی، بە فەرمی ڕێککەوتنامەی دەستەخوشکی نێوان هەولێر و ناشڤێڵ واژۆکرا.

دوای واژۆکردنی ڕێککەوتنەکەش، هەریەک لە ئومێد خۆشناو، پارێزگاری هەولێر و جۆن کووپەر، سەرۆکی شارەوانی ناشڤێڵ، لە کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەوانی هاوبەشدا، خۆشحاڵی خۆیان بەم ڕێککەوتنە دەربڕی و ئەم کارەیان بە دەستکەوتێکی گرنگزانی و هەروەها ئەمڕۆیان بە ڕۆژێکی مێژووی وەسفکرد.

لە دەستپێکدا، جۆن کووپەر، سەرۆکی شارەوانی ناشڤێڵ، ڕایگەیاند، کارێکی زۆر بێ وێنەیە کە دوو کولتووری جیاواز بەیەکەوە ببەستینەوە.

هەروەها ڕاشیگەیاند، هەولێر و ناشڤێڵ لە زۆر ڕووەوە هاوبەشن بەتایبەتی لە بواری سەرمایەگوزاریدا، جگە لەوە "هەوڵدەدەین پەیوەندی لە نێوان خەڵکی هەردوو شاریشدا دروست بکەین، لەپێناو پتەوکردنی دۆستایەتیمان، کەرتی کەشتوگوزاریش لە نێوان هەردوو شارەکەدا پەرەی پێدەدەین".

ناوبراو، باسی لەوەشکرد، ناشڤێڵ تەنیا ماڵێک نییە بۆ میوزیک، "کە من دەزانم لە هەولێر موسیزیانی گەورە هەن، بەڵکو ناشڤێڵ ناوەندێکی پەروەردەییە، بڕوام وایە گەنجی ئێمە دەتوانن دەستبکەن بەوەی بەیەکەوە گەشە بکەن و بەرەوپێشەوە بچن".

لەلایەن خۆیەوە، ئومێد خۆشناو، پارێزگای هەولێر ئاماژەی بەوەدا، "ئەمڕۆ بۆ ئێمەی هەولێر ڕۆژێکی مێژووییە، هەروەها ڕۆژێکی پڕ لە سەروەرییە"، هاوکات ئومێد خۆشناو، ڕێز و سڵاوی مەسرور بارزانی، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستانی گەیاندە ڕەوەندی کوردی شاری ناشڤێڵ.

Received by NSD/FARA Registration Unit 01/31/2024 12:57:18 PM

پارێزگاری هەولێر راشیگەیاند، "ئەم پرۆسەیەی ئەمڕۆ واژۆکردنی ئەم دەستەخوشکییە لەساڵی 2014ـەوە کاری لەسەر دەکرێت، بەڵام لە ساڵی رابردوو هەردوولامان بڕیارماندا بگەیەنە ئەنجام و دەستبکەین بە واژۆکردنی ئەم رێککەوتنە".

ئومێد خۆشناو، ئاماژەی بەوەدا، "بێ شک ئەوە بڕیارەی هەردوولامان لە دوای هەبوونی کۆمەڵێک ئامانجی گەورەوە دێت کە لە نێوانماندا هاوبەشی پێدەکەین و ئامانجەکانمان یەکدەخەین لەپێناو سوودگەیاندن بە هەردوو شاری هەولێر و ناشڤێڵ".

پارێزگاری هەولێر، هیواشی خواست، ئەو رێککەوتنە ببێتە سوود بۆ بەرەوەپێشبردنی جووڵەی بازرگانی نێوان هەردوولا و هەروەها سوودگەیاندن لە سێکتەرەکانی کولتووری، پەروەردەیی، تەندروستی و هونەری.

ئومێد خۆشناو، لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا جەختی لەوەکردەوە، "لە سەردەمی داعشدا کاتێک سەرۆک بارزانی بڕیاریدا رووبەڕووی تیرۆرستانی داعش ببینەوە رۆڵ و هاوکاری ئەمەریکا لە یاد ناکەین، کە بە هەماهەنگی لەگەڵ پێشمەرگە شکست بە تیرۆرستانی داعش هات".

جێگەی باسە، هەولێر وەک یەکەم شاری رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەبێتە دەیەم شاری دەستەخوشکی ناشڤێڵ، یەکێک لەو پێوەرە گرنگانەی هەولێری کردە دەستەخوشکی ناشڤێڵ بوونی ژمارەیەکی زۆری رەوەندی کوردی و رۆڵیانە لە کایە گرنگەکانی ئەم شارەدا، ئێستا هەزاران کوردی هەموو بەشەکانی کوردستان چالاکانە بەشدارن لە بوونیاتنانی ژێرخانی ناشڤێڵ. دوا سەردانی ئەنجوومەنی شارەوانی ناشڤێڵ بۆ هەولێر مانگی ئایاری ئەمساڵ بوو، دوای لێکۆڵینەوەی ورد، بە کۆی دەنگ بڕیاری بە دەستەخوشکیان لەگەڵ هەولێر پەسەندکرد، پڕۆسەی بەدەستەخووشکبوونی دوو شار دوور و درێژە و کاری زۆری دەوێت. لە ساڵی 2014ـەوە بیرۆکەی بەدەستەخوشکبوونی هەولێر و ناشڤێڵ هاتە ئاراوە، ماوەی سێ ساڵیشە بەچڕی کاری لەسەر دەکرێت.

Updated Sep 10, 2023 5:06:49pm

Sep 10, 2023 5:06:49pm

**Kurdistan Regional Government - Representation in the USA shared a post.**

Updated Sep 10, 2023 12:30:42pm

Sep 10, 2023 12:30:42pm

**Kurdistan Regional Government - Representation in the USA shared a post.**

Updated Sep 09, 2023 6:07:24pm

Sep 09, 2023 6:07:24pm

**Kurdistan Regional Government - Representation in the USA shared a post.**

Updated Sep 09, 2023 4:10:23pm

Sep 09, 2023 4:10:23pm

**Kurdistan Regional Government - Representation in the USA shared a post.**

Updated Sep 09, 2023 4:10:16pm

Sep 09, 2023 4:10:16pm

Received by NSD/FARA Registration Unit 01/31/2024 12:57:18 PM

**Kurdistan Regional Government - Representation in the USA shared a post.**

Updated Sep 09, 2023 4:09:17pm

Sep 09, 2023 4:09:17pm

**Kurdistan Regional Government - Representation in the USA shared a post.**

پارێزگاری هەولێر، لەگەڵ ژمارەیەک لە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و خۆبەخشان کۆبۆوە

لە چوارچێوەی سەردانەکەیدا بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، هەینی 2023.9.8، ئومێد خۆشناو، پارێزگاری هەولێر، بە یاوەری تریفە عەزیز، نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ئەمریکا و بە بەشداری ئاندی ئۆگڵاس، ئەندامی کۆنگرێسی ئەمریکا، لەگەڵ ژمارەیەک لە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و خۆبەخشان کۆبۆوە.

لە کۆبوونەوەکەدا، تیشک خرایەسەر هەماهەنگی و هاوکاری نێوان ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و خۆبەخشان لەگەڵ ڕەوەندی کوردی لە شاری ناشڤیڵ و هەردوولاش لە داهاتوودا بتوانن هەماهەنگی و هاوبەشی بکەن لەگەڵ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و خۆبەخشانی هەرێمی کوردستان بەتایبەتی هەولێری پایتەخت و بەیەکەوە کاربکەن بۆ کەمپی ئاوارەکان و یارمەتیدانیان.

Updated Sep 09, 2023 4:07:18pm

Sep 09, 2023 4:07:18pm

**Kurdistan Regional Government - Representation in the USA shared a post.**

ئەمریکا: واژووکردنی ڕێکەوتنی نێوان هەولێر ناشڤێڵ

Updated Sep 09, 2023 4:06:53pm

Sep 09, 2023 4:06:53pm

**Kurdistan Regional Government - Representation in the USA shared a post.**

Updated Sep 09, 2023 4:06:26pm

Sep 09, 2023 4:06:26pm

**Kurdistan Regional Government - Representation in the USA shared a post.**

Updated Sep 08, 2023 7:53:06pm

Sep 08, 2023 7:53:06pm

**Kurdistan Regional Government - Representation in the USA shared a post.**

Updated Sep 08, 2023 4:12:56pm

Sep 08, 2023 4:12:56pm

**Kurdistan Regional Government - Representation in the USA shared a post.**

One week until we officially sign our new partnership agreement with #Erbil! We hope you'll join us Saturday, Sept 9th as we celebrate at the Downtown Library! All are welcome!

Updated Sep 08, 2023 4:09:01pm

Sep 08, 2023 4:09:01pm

**Kurdistan Regional Government - Representation in the USA shared a post.**

Updated Sep 08, 2023 4:08:46pm

Sep 08, 2023 4:08:46pm

**Kurdistan Regional Government - Representation in the USA shared a post.**

Updated Sep 08, 2023 4:08:30pm

Sep 08, 2023 4:08:30pm

**Kurdistan Regional Government - Representation in the USA shared a post.**

Updated Sep 08, 2023 4:07:28pm

Sep 08, 2023 4:07:28pm

**Kurdistan Regional Government - Representation in the USA shared a link.**

https://www.kurdistan24.net/ckb/story/242743--:کوردستان24-قایمقامی-ناوەندی-هەولێر-لە-ئەمەریکاوە-بۆ-رێککەوتن-لەبارەی-دەستەخوشکبوونی-هەولێر-و-ناشڤێل-واژوودەکەین

شاندێکی باڵای پارێزگای هەولێر لە ئەمەریکان، لەگەڵ ناشڤێل بڕیارە رێککەوتنێك لەبارەی دەستەخوشکبوون واژوو بکەن.

نەبەز عەبدولحەمید قایمقامی ناوەندی هەولێر، کە ئەندامی شاندی پارێزگای هەولێرە، بە عیسا حەسەنی پەیامنێری کوردستان24ـی راگەیاند، سەردانی ئەمجارەمان بۆ ئەمەریکا بۆ واژووکردنی رێککەوتنی نێوان پارێزگای هەولێر و ناشڤێلە، ئەو بابەتە ماوەی سێ ساڵە لەئارادایە و کاری زۆری بۆ کراوە.

قایمقامی ناوەندی هەولێر راشیگەیاند، پار ساڵ سەردانی شاری ناشڤێلمان کرد و بەهەمان شێوە شاندێکی ئەوانیش سەردانی شاری هەولێریان کرد، دوای ئەوەی شاری هەولێریان لە نزیکەوە بینی و لەکاتی گەڕانەوەیان لەمانگی حەوتی ئەمساڵ ئەنجوومەنی شارەوانی ناشڤێل کۆبوونەوە، بە کۆی دەنگ بڕیاریاندا ببنە دەستەخوشکی هەولێر.

گوتیشی: شاری هەولێر لەسەر ئاستی جیهان دەبێتە دەیەمین شار لەگەڵ ناشڤێل دەبێتە دەستە خوشك، لەباکووری ئەفریقا و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەم دەستکەوتە بەر هەولێر دەبێت.

ئەوەشی خستووتەڕوو، رێکەوتنەکە لە رووی تەندروستی و پەروەردە و خوێندن و چەندین پرسی دیکە سوودی بۆ هەولێر دەبێت.

پێشتریش جیم شۆڵمان جێگری سەرۆکی شارەوانی ناشڤێل لە لێدوانێکدا بۆ کوردستان24 رایگەیاندبوو، بە دەستەخۆشکبوونی هەولێر و ناشڤێل پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و ئەمەریکا دوو ئەوەندەی دیکە پتەوتر دەکات.

Received by NSD/FARA Registration Unit 01/31/2024 12:57:18 PM

هەروەها جۆن کووپەر سەرۆکی شارەوانی شاری ناشڤێل پێشتر رایگەیاندبوو، کورد هاوبەشێکی متمانەپێکراوی ئەمەریکایە و باشترین پەیوەندیمان لەگەڵیاندا هەیە. هەروەها دەشڵێت: هەموو ناشڤێل پشتیوانی لە کورد دەکات لە دڵەوە پێمانخۆشە ئەو پەیوەندییە فراوانتر بکەین.

Updated Sep 08, 2023 4:05:47pm

Sep 08, 2023 4:05:47pm

**Kurdistan Regional Government - Representation in the USA shared a post.**

ئێوارە ئاهەنگێک بۆ یەکتر ناسینی شاندی پارێزگای هەولێر و بەرپرسانی ناشفیل و ویلایەتی تێنسی ڕێکخرا

بە ئامادەبوونی ئومێد خۆشناو، پارێزگاری هەولێر و جۆن کوپەر، مایەری شاری ناشفیل و حیکمەت بامەڕنی، بەرپرسی لقی7ی ئەمریکای پارتی و تریفە عەزیز، نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ئەمریکا و شاندی هەردوولا و ژمارەیە لە سیاسەتوان و بەرپرسانی ئیداری و چەند ئەندامێکی تازە هەڵبژێردراوی ئەنجومەنی شاری ناشفیل، شارەداری ناشفیل بە مەبەستی یەکتر ناسینی شاندی پارێزگای هەولێر لەگەڵ کاربەدەستانانی شارەکەیان و ویلایەتی تێنسی ئەمریکا، ئێوارە ئاهەنێکی یەکترناسینی ڕێکخست.

لەئاهەنگەکەدا، چەندین وتار پێشکەش کران و تێیدا باس لە پشتیوانی ئەمریکای بۆ هەرێمی کوردستان و کرانەوەی دیموکراسی لە هەرێمی کوردستان و هاوکاری و پشتگیریی و پشتیوانی ئەمەریکا لە هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە شەڕی دژ بە تیرۆرستانی داعش کرا و بەردەوامیی پشتگیریی ئەمریکاش بۆ هەرێمی کوردستان بە پێویست زانرا لە پێناو سەقامگیربوونی ناوچەکە.

Updated Sep 08, 2023 4:04:04pm

Sep 08, 2023 4:04:04pm

**Kurdistan Regional Government - Representation in the USA shared a post.**

پارێزگاری هەولێر، بە فەرمی بانگهێشتی چەند کۆنگرێسمانێکی ئەمریکا دەکات سەردانی هەولێری پایتەخت بکەن

ئەمڕۆ هەینی 2023.9.8، ئومێد خۆشناو، پارێزگاری هەولێر، لە چوارچێوەی سەردانەکەیدا بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە یاوەری تریفە عەزیز، نوێنەری حکومەتی هەرێم لە ئەمریکا و شاندی یاوەری، لەگەڵ ئاندی ئۆگڵاس، ئەندامی کۆنگرێسی ئەمریکا لەبارەی پەیوەندییەکانی هەولێر و ناشڤێل کوبۆوە.

لەکۆبوونەوەکەدا، پارێزگاری هەولێر وێڕای جەختکردنەوە لە پەرەپێدانی پەیوەندییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و هەرێمی کوردستان، کورتە باسێکی لەبارەی سەردانەکەی بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و واژووکردنی ڕێککەوتنامەی دەستە خوشکی لەنێوان شاری ناشڤێل و هەولێری پایتەخت پێشکەشکرد و بەفەرمی بانگهێشتی ئاندی ئۆگڵاس، ئەندامی کۆنگرێسی ئەمریکا و چەند کۆنگرێسمانێکی دیکەی ئەمریکای کرد کرد بۆ سەردانی کردنی هەولێری پایتەخت.

لە تەوەرێکی تری کۆبونەوەکەدا، گفتوگۆ لە بارەی دوایین گۆڕانکاری و پەرەسەندنەکانی عێراق و ناوچەکە بەگشتی کرا، بەتایبەتی ڕووداوەکانی ئەم دوایانەی شاری کەرکوک و پرسی بودجە و کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغدا.

Received by NSD/FARA Registration Unit 01/31/2024 12:57:18 PM

لەکۆتایشدا، پارێزگاری هەولێر پشتیوانی ئەمریکای بۆ هەرێمی کوردستان و کرانەوەی دیموکراسی لە هەرێمی کوردستان بەرز نرخاند و سوپاس و پێزانینی بۆ هاوکاری و پشتگیریی و پشتیوانی ئەمەریکا لە هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە شەڕی دژ بە تیرۆرستانی داعش و نەهێشتن و لە ناوبردنیان دەربڕی و بەردەوامیی پشتگیریی ئەمریکاشی بۆ هەرێمی کوردستان بە پێویست زانی لە پێناو سەقامگیربوونی ناوچەکە.

Updated Sep 08, 2023 4:03:37pm

Sep 08, 2023 4:03:37pm

**Kurdistan Regional Government - Representation in the USA shared a post.**

Updated Sep 08, 2023 4:03:10pm

Sep 08, 2023 4:03:10pm

**Kurdistan Regional Government - Representation in the USA shared a post.**

پارێزگاری هەولێر، سەردانی ژووری بازرگانی شاری ناشفیلی کرد

لە چوارچێوەی سەردانەکەیدا بۆ ویلایەتە یەککگرتووەکانی ئەمریکا، ئەمرۆ هەینی 2023.9.8، ئومێد خۆشناو، پارێزگاری هەولێر، بە یاوەری تریفە عەزیز، نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ئەمریکا و شاندی یاوەری، سەردانی ژووری بازرگانی شاری ناشفیلی کرد و لەگەڵ سەرۆکی ژووری بازرگانی شارەکە و ئەندامانی کۆبۆوە.

لە کۆبوونەوەکەدا، گفتوگۆ لەبارەی بەرە و پێشبردنی پەیوەندییە ئابوورییەکانی نێوان ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و هەرێمی کوردستان کرا و جەخت لە ئالوگۆڕی بازرگانی و دۆزینەوەی دەرفەتی کار بۆ کۆمپانیاکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و سوود وەرگرتن لە ئەزموونی ئەم وڵاتە بۆ زیاتر پێشکەوتنی هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان کرایەوە، لەوبارەیەشەوە پارێزگاری هەولێر تەئکیدی لە هەمەچەشنکردنی سەرچاوەی داهات و گەشەسەندن و پەرەپێدانی ئابووریی و بازرگانی و پیشەسازیی لەهەولێری پایتەخت کردووە، ئامادەیی پارێزگای هەولێریشی نیشاندا بۆ پێشکەشکردنی هەموو ئاسانکارییەکی یاسای و کارگێڕی بەو کۆمپانیا و بازرگانانەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کە دەیانەوێت لەهەولێری پایتەخت کاربکەن و ڕۆڵ و کاریگەریان هەبێت لە بەرەوپێشبردن و پێشخستن و پەرەپێدانی بازرگانی و پیشەسازی و وەبەرهێنان لەهەرێمی کوردستان.

Updated Sep 08, 2023 8:28:43am

Sep 08, 2023 8:28:43am

**Kurdistan Regional Government - Representation in the USA shared a post.**

پارێزگاری هەولێر، سەردانی مۆزەخانە و کۆشکی سەرۆک ئەندرۆ جاکسۆنی کرد

لە چوارچێوەی سەردانەکەیدا بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، ئەمرۆ هەینی 2023.9.8، ئومێد خۆشناو، پارێزگاری هەولێر، بە یاوەری جۆن کوپەر، مایەری شاری ناشفیل و تریفە عەزیز، نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ئەمریکا و شاندی یاوەری هەردولا سەردانی مۆزەخانەی شاری ناشفیل و کۆشکی سەرۆک ئەندرۆ جاکسۆنی کرد و بەشەکانی ئەو شوێنانەیان بەسەرکردەوە.

Updated Sep 08, 2023 6:40:49am

Sep 08, 2023 6:40:49am

**Kurdistan Regional Government - Representation in the USA shared a post.**

Received by NSD/FARA Registration Unit 01/31/2024 12:57:18 PM

Updated Sep 08, 2023 6:34:45am

Sep 08, 2023 6:34:45am

**Kurdistan Regional Government - Representation in the USA shared a post.**

ناشفیل بە ئاڵای پیرۆزی کوردستانەوە پێشوازی لە شاندی پارێزگای هەولێر دەکات

لە لایەن شارەوانی و ئیدارەی شاری ناشفیلی ویلایەتی تێنسی ئەمریکا کە بە "کوردستانی بچووک" ناسراوە، بۆ پێشوازیکردن لە پارێزگاری هەولێر و شاندی یاوەری و وەک ڕێزگرتنێک لە هاوکاری و هەماهەنگی نێوان هەردوولا و بەبۆنەی واژووکردنی ڕێککەوتنامەی دەستەخوشکی شارەکەیان لەگەڵ هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان، پردەی 'کۆریان ڤێتریانز'ی کە یەکێکە لە پردە سەرەکی و بەناوبانگی شارەکەیان بە ئاڵای پیرۆزی کوردستان ڕووناککردەوە.

ئەمڕۆش پێنجشەممە 2023.9.7، ئومێد خۆشناو، پارێزگاری هەولێر بە یاوەری جۆن کوپەر، مایەری شاری ناشفیل و تریفە عەزیز، نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ئەمریکا و شاندی یاوەری، ئەو پردەیان بەسەرکردەوە، لەوبارەیەشەوە پارێزگاری هەولێر سوپاسی شارەوانی و ئیدارەی شارەکەی کرد بۆ بەرز ڕاگرتنی ئاڵای پیرۆزی کوردستان و ڕایگەیاند: "ڕووناککردنەوەی ئەو پردە بە ئاڵای پیرۆزی کوردستان لە لایەن ئیدارەی و شارەوانی شاری ناشفیلی ویلایەتی تێنسی ئەمریکا و یەکێک لە گەورەترین وڵاتانی دونیا، ڕێزگرتنە لە خەبات و قوربانیدانی گەلی کوردستان و خوێنی شەهیدان و ئەزموونی هەرێمی کوردستان".

جێگەی باسە، پردەی 'کۆریان ڤێتریانز'ی کە یەکێکە لە پردە سەرەکی و بە ناوبانگی شاری ناشفیل، دوای ڕووناککردنەوەی بە ئاڵای پیرۆزی کوردستان، ژمارەیەکی زۆر لە گەشتیاران وێنەی یادەوەریان لەگەڵ ئاڵای پیرۆزی کوردستان دەگرت.

Updated Sep 07, 2023 8:57:11am

Sep 07, 2023 8:57:11am

**Kurdistan Regional Government - Representation in the USA shared a post.**

Updated Sep 07, 2023 7:48:47am

Sep 07, 2023 7:48:47am

**Kurdistan Regional Government - Representation in the USA shared a post.**

کوردی / Kurdi Latini / عربي / English

ئەمڕۆ پێشوازیمان لە شاندێکی پەرلەمانی کەنەدا بەسەرۆکایەتی پەرلەمانتار بەڕێز تۆم کیمج کرد.

سەرۆکی شاندی پەرلەمانتارانی کەنەدی، کورتەیەکی دەربارەی کار و چالاکییەکانی گرووپی پەرلەمانتارانی دۆستی کورد لە پەرلەمانی کەنەدا خستەڕوو کە لە ژمارەیەک لە پەرلەمانتارانی زۆرینەی پارتەکانی کەنەدا پێکهاتووە و ئامانجیان پشتیوانیکردنی دۆزی کورد و پەرەپێدانی پەیوەندیی کەنەدا و هەرێمی کوردستانە .

شاندەکە ستایشی دۆخی بەیەکەوەژیانی ئاشتییانە و ئازادی ئایینی و ئازادی ڕاگەیاندنی لە هەرێمی کوردستان کرد کە هاوشێوەی ئەو ئازادییانەیە کە لە کەنەدا هەن .

سوپاسی کەنەدامان کرد بۆ هاریکاری و پشتیوانییەکانی لە هەرێمی کوردستان بە تایبەتی لە شەڕی دژ بە تیرۆریستانی داعش .

Received by NSD/FARA Registration Unit 01/31/2024 12:57:18 PM

Received by NSD/FARA Registration Unit 01/31/2024 12:57:18 PM

له تەوەرێکی دیکەی کۆبوونەوەکەدا، تیشکمان خستە سەر دوایین پێشهات و پەرەسەندنەکانی پەیوەندیی لەگەڵ حکومەتی فیدراڵ و لەمبارەیەوە ڕوونمان کردەوە کە هەرێمی کوردستان هەموو پابەندییەکانی خۆی لە چوارچێوەی دەستووردا جێبەجێ کردووە ، بەڵام جێی داخ و نیگەرانییەکی زۆرە کە بە شێوەیەکی زۆر ناڕەوا و بە پێچەوانەی دەستوور، مافەکانی خەڵکی کوردستان پێشێل دەکرێن و ڕێز لە ڕێککەوتنی نێوانی لایەنەکانی پێکهێنەری حکومەت و ئەجێندای حکومەتیش ناگیرێت کە لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا .

دووپاتیشمان کردەوە کە خەڵکی کوردستان بە هیچ شێوەیەک دەستبەرداری مافە ڕەوا و دەستوورییەکانی نابێت و ملکەچی هیچ فشار و هەڕەشەیەکی ئەو لایەنانەش نابێت کە دەیانەوێ عێراق بگەڕێننەوە سەردەمی دیکتاتۆری و زەبرو زۆر و چەوساندنەوەی گەلی کوردستان.

——

Îro me pêşwaziya şandeke parlementoya Kanadayê bi Serokatiya Parlementer birêz Tom Kimj kir.

Serokê şanda parlementoya Kanadayê bi awayeke kurt behsa kar û çalakiyên koma dostatiya Kurd li parlementoya Kanadayê kir ku, ji hijmarek Parlementer ji piraniya partiyên Kanadayî pêk hatiye û ragihand ku, armanca wan piştîvanî kirin ji doza gelê Kurd û pêşde birina têkiliyên navbera Kanada û herêma Kurdistanê ye.

Şanda mêwan stayîşa rewşa bihevre jiyana aştiyane, azadiya olî û azadiya ragihandinê li herêma Kurdistanê kir ku, weke wan azadiyane ku, li Kanadayê hene.

Me jî spasiya Kanadayê kir bo hevkarî û piştîvaniyên xwe li herêma Kurdistanê bi taybetî di şerê dijî terorîstên DIŞlê de.

Di mijareke din ya civînê de me behsa pêşhat û peresendinên di nava têkiliyên li gel hikûmeta federal û di vê derbarê de me ev yek eşkere kir ku, herêma Kurdistanê tevahiya pêbendiyên xwe di çarçoveya destûrê de cîhbicîh kiriye lê mixabin bi awayeke na rewa û beruvajî destûrê mafên xelkê Kurdistanê têne binpêkirin û rêz ji rêkeftinên îmze kirî yên di navbera aliyên pêkhêner yên hikûmet û bernameya hikûmetê jî nayê girtin ku, ji aliyê parlementoya Îraqê ve bi piranî dengan hatiye pejrandin.

Me ev yek diyar kir ku, xelkê Kurdistanê bi ti awayî dev ji mafên xwe yên rewa û destûrî ber nade û serê xwe bo ti zext û gefeke wan aliyên ku, dixwazin Îraq vegerînin serdema dîktatoriyetê û gelê Kurd bi zordarî biçewsînin natewîne.

——

استقبلنا اليوم، وفداً برلمانياً كندياً برئاسة النائب السيّد توم كيمج.

وفي مستهل الاجتماع، قدم رئيس الوفد البرلماني الكندي، ملخصاً عن أعمال ونشاطات المجموعة البرلمانية للصداقة مع الكورد في البرلمان الكندي، والتي تضم أعضاءً من معظم الأحزاب الكندية، ويتمثل هدفها بدعم القضية الكوردية، وتعزيز العلاقات مع إقليم كوردستان.

Received by NSD/FARA Registration Unit 01/31/2024 12:57:18 PM

كذلك، عبّر الوفد عن إشادته بالتعايش السلمي والحرية الدينية وحرية الصحافة في إقليم كوردستان، مؤكداً تشابهها مع المبادئ الموجودة في كندا.

وأعربنا عن امتناننا لكندا على دعمها ومساندتها لإقليم كوردستان، ولا سيّما في الحرب ضد إرهابيي داعش.

وفي سياق آخر من الاجتماع، سلّطنا الضوء على أحدث التطورات والمستجدات بشأن العلاقة مع الحكومة الاتحادية، وأوضحنا أن إقليم كوردستان قد أوفى بجميع التزاماته في إطار الدستور، وعبّرنا عن قلقنا وأسفنا بسبب انتهاك حقوق شعب كوردستان بطريقة غير شرعية وبما يتنافى مع أحكام الدستور، وعدم احترام الاتفاق الموقّع بين الأطراف التي شكّلت الحكومة والمنهاج الوزاري الذي صادق عليه مجلس النواب العراقي بالأغلبية.

وجددنا التأكيد على أن شعب كوردستان لن يتنازل عن حقوقه المشروعة والدستورية على الإطلاق، ولن يرضخ لأي ضغط أو تهديد من الأطراف التي تريد العودة بالعراق إلى عهد الدكتاتورية، وقمع شعب كوردستان وقهره واضطهاده.

——

Pleased to welcome the Canadian Parliamentary Friends of the Kurds group led by MP Tom Kmiec. The delegation presented a brief about their work and activities with the aim to support the Kurdish cause and develop relations between Canada and the Kurdistan Region. The delegation commended the culture of peaceful coexistence, religious freedom and freedom of expression in the Kurdistan Region.

I thanked Canada's assistance and support to the Kurdistan Region, especially in the fight against ISIS. We also discussed developments with the federal government and that the Kurdistan Region has fulfilled all its obligations within the framework of the Constitution. It is unfortunate that the rights of the people of Kurdistan is still being violated and the agreement between the parties forming the government and the Federal Government Agenda that was approved by a majority in the Iraqi parliament is not respected.

We reiterated that the Kurdistani people will not give up their legitimate and constitutional rights and will not submit to any pressure and threats from those who want to return Iraq to an era of dictatorship and oppression.

Updated Sep 07, 2023 7:47:43am

Sep 07, 2023 7:47:43am

**Kurdistan Regional Government - Representation in the USA shared a post.**

پارێزگاری هەولێر و مایەری شاری ناشفیل کۆبونەوە

ئەمڕۆ پێنجشەممە 2023.9.7، ئومێد خۆشناو، پارێزگاری هەولێر، بەیاوەری تریفە عەزیز، نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ئەمریکا و شاندی یاوەری، لەگەڵ جۆن کوپەر، مایەری شاری ناشفیل و ژمارەیەکی دیکە لە ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگای شارەکە کۆبۆوە.

Received by NSD/FARA Registration Unit 01/31/2024 12:57:18 PM

لە کۆبوونەوەکەدا، پارێزگاری هەولێر جگە لەوەی جەختی لە پەرەپێدانی پەیوەندییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و هەرێمی کوردستان کردەوە، باسی لە بەرە و پێشوەچوونی پەیوەندییە (کولتووری، شارەوانی، پەروەرد، تەندروستی، هونەری و وەرزش) و سێکتەرەکانی تری نێوان هەولێر و ناشفیل کرد و سوپاسی ئەنجومەنی شارەوانی ناشفیلیشی کرد کە بە زۆرینەی دەنگ بڕیاری دەستەخۆشکی هەردوو شاری هەولێر و ناشڤیلیان پەسند کرد.

